# پاراستنی هاوسەنگی یان دیموکراتییەت

ئەبو عەلی-کفری

ئەمرۆ جیهان لە سایەی سیستمێکی جیهانیدا یاساکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت پەیرەو دەکات بەوپێیە باوی غەزو وداگیر کردنی سەربازی و ئیستعمار بە واتا کۆنەکەی نەماوە وبە سەر چووە.

جیهانی ئەمرۆ کەخۆی لە چوار چێوەی وەها سیستمیکدا ئەبینێتەوە لە ژێر ناوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا یاساکانی ئەو ریکخراوە بە پێی زۆرینەی دەنگی ئەندامەکانی دەرچووە بۆیەملکچ بوونی ئەندامانی ئەو ریکخراوە بۆ یاساکانی شتێکی حەتمیە مەرجیشە لە سەر هەر ئەندامێکی نوێ ملکەچ بوونی تەواوی خوی رابگەینێت بۆ ئەو یاسایە بۆ ئەوەی قەبوڵ بکریت لەو رێکخراوەدا و هیچ وڵاتێک شەرعیەتی نیە ئەگەر رێکخراوی ناو براو دانی پێدا نەنێت هەر رژێم و کیانێکیش لە چوار چیوەی یاسا وبڕیارەکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەرچێت یەکەم جار ئاگادار ئەکرێتەوە ئەگەر ملکەچ نەبێت سزا بە سەریدا ئەسەپێت هەندێک جار سزاکان گەیشتوەتە ئاستی سزای سەربازی وەکو ئەوەی لەگەل(ئەفغانستان و عیراقدا کرا و سزاکان لە سەر ئەڵمانیا و یابان و ئێران و کۆریای باکور)

ناوەرۆکی زۆربەی یاساکانی ریکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بریتیە لە پاراستنی مافەکانی مروڤ و دابین کردنی ئازادیە گشتیەکان بۆ کۆی دانیشتوانی سەر زەوی.هەتاوەکو ئەمرۆ گونجاو ترین رێگا درکی پێ کرابێت و ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان پیێ قایل بێت بۆ پێکەوە ژیان بە کەمترین کێشە وگیروگرفت رێگای دیموکراتیەت و سندوقەکانی دەنگدانە هەر لەو رێگایەشەوە جیهان پێشکەوتن و ئارامی بە خۆیەوە بینیوە مافەکانی مرۆڤ پارێزراوە و ئازادیە گشتیەکان دابین کراوە ئەمەش مانای ئەوە نیە مەهدی مونتەزەر هاتوەتەخوارەو و مەڕ و گورگ پێکەوە ئەژێن چونکە غەزو و داگیرکردن و ئیستعمار کردن تەنها شێوازەکەی گۆراوە بەڵام وەکو ناوەڕۆک هیچ گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە و بەردەوامیشە کاتی خوی داگیرکردن بۆ پەیدا کردنی بازار بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمە پیشەسازی و کشتوکالیەکان وبەدەست بەسەرا گرتنی کانزاکانی کەرەستەی خاوی وڵاتان بوو . هەندێک جاریش بۆ تەئمین کردنی ریگای هاتو چووی سەربازی و بازرگانی بوو ئێستاش ئەو ئامانجانە ماون و داگیرکەران لە هەوڵدان نەکەوتون بەڵام بەشێوازی دیموکراتیەت وهەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان بەواتایەکی تری سەرکەوتنی حیزبێک یان قەوارەیەکی سیاسی لە هەڵبژاردنی وڵاتێکدا بەندە بە پاراستنی بەرژەوەندی زلهێزەکانەوە .زلهێزەکان بە بەرنامە کار بۆ سەرکەوتنی قەوارەیەکی سیاسی دیاری کراوە ئەکەن و دەعمی مادی و ئیعلامی و سیاسی ئەکەن بە مەرجێک کاتی خۆی ئەو قەوارە سیاسیە لە ژێری کۆنترولیدا بوبێت و لە تاقی کردنەوەکاندا لە گەڵیاندا دەرچوو بێت ودڵنیابن لەوەی لە ئێستا و لە داهاتوشدا بەرژەوەنیەکانیان پارێزراو ئە بێت .

ئێستا بمانەوێت و نەمانەوێت فەرمان رەوایەتی جیهان لە ژێر کۆنترولی هێزیکی یەک جەمسەریدایە ماسونیەتی جیهانی و بزوتنەوەی صەهوینیەتی جیهانی و موخابەراتەکانی ئەمەریکا- بەریتانیا- فەرەنسا- روسیا- ئەلمانیا -ئسرائیل تەحەکوم بەجیهانەوە ئەکەن هیچ رژێمیک یان قەوارەیەکی سیاسی ناتوانێت لە ژێر رکێفیان دەربچێت.

ئێمەی کورد بەحکومەتی هەریم و لایەنە سیاسیەکانیشەوە لە دوای پەنجا ساڵی خەباتی بەردەوام وڕوبارێکی خۆین و هەژدە ساڵی حۆکمڕانی خۆمانەوە بە هەزار حال خڕاینە ناو ئەو هاوکیشە جیهانیەوە جگە لەوەش ئابڵوقە دراوین بە دووژمنە ئەقلیمیەکان وجارێک دەسکەوتەکانمان لە مەترسیدان ئەگەر ئاقڵ نەبین دور نیە زبڵدانی مێژو چاوەروانمان نەبێت ئەو کاتە لای کەمەوە پیویستمان بە پەنجا ساڵی دیکە ئەبیت بۆ ئەوەی جاریکی تری بخرینە ناو هاوکێشەیەکی لەم بابەتەوە بۆیە بەرژەوەندیەکانمان واپیویست ئەکات ئەمرۆ لە هەمو کەس زیاتر هەوڵ بدەین خۆمان بگونجێنین لە گەڵ ئەو هاوکێشەیەدا بەشێوەیەک جۆرە هاوبەشیەک لە نێوان بەرژەوەندیەکانی ئێمەو زلهێزەکاندا دروست بێت ئەوکاتە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا بەرژەوەندیەکانی ئێمەش پارێزراو بێت.

**شێواندنی هاوسەنگی نیوان هێزە بنەرەتیەکانی ئەمروی کوردستان یەکسانە بە بچوک کردنەوەی حیزبیکی بنەرەتی یان گەورەکردنەوەی حیزبیکی بنەرەتی لە سەر حیسابی بەرانبەرەکەی ئەوەش یەکسانە بە ئەگەری پەیدا بوونی دیکتاتوریەت**

بۆ ئەو مەبەستەش پێم وایە ئەرکی سەرەکی سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی کورد بە پلەی یەک پەیرەو کردنی یاساکانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوکانە بە تایبەت پەیرەو کردنی دیموکراتیەت و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و دابین کردنی ئازادی و خۆش گوزەرانیە بۆ کۆمەڵانی خەلکی کوردستان.وخۆ بەخت کردنی زیاتر بۆ خۆگونجاندن لە پێناوی داهاتویەکی پرشنگدارتردا.

ئاشکرایە کە دوژمنانی کورد چاویان هەڵنایەت بە ئەزمونە دیموکراتیەکەماندا ولە هەولی بەردەوامدان بۆ شێواندن و نابوت کردنی بە هەمو شێوەیەک لەوانە شێواندنی هاوسەنگی نێوان هێزە بنە رەتیەکانی ئەمروی گۆڕەپانی کوردستان چونکە ئەوە بە نوقتەی ئینتلاق ئەزانن ولەو رێگایەوە دەرفەت ئەرەخسیت بۆ خزانەناوەوەی دوژمنان بۆ جی بە جی کردنی مەرامە گڵاوەکانیان بەرانبەر بە کورد و دەسکەوتەکانی.قۆناغەکانی ئەو پلانە بەوە دەزانن کە بە شەری خۆ کوژی دەس پێبکات و بە سەرهەڵدانی دیکتاتوریەت بچەسپێت وبە ریسوا بوونی کورد و لە دەست دانی دەسکەوتەکانی کۆتای پێ بێت. دیارە بەرپابوونی دیکتاتوریەت لە هەر جێگایەک بیت بە تەصفیە کردنی سیاسەتمەدارە نیشتمان پەروەرەکان دەست پێ ئەکات چونکە دیکتاتوریەت لە هەمو جیهاندا یەک پێناسەی هەیە یەک واتای هەیە یەک بەرنامەی هەیە(سەرکوت کردنی هەر هەڵویستیکی نیشتمان پەروەرانە- خنکاندنی هەر دەنگیکی ئازاد-لە گۆرنانی هەمو مافێکی مەدەنی و دیموکراتی) .

شێواندنی هاوسەنگی نیوان هێزە بنەرەتیەکانی ئەمروی کوردستان یەکسانە بە بچوک کردنەوەی حیزبیکی بنەرەتی یان گەورەکردنەوەی حیزبیکی بنەرەتی لە سەر حیسابی بەرانبەرەکەی ئەوەش یەکسانە بە ئەگەری پەیدا بوونی دیکتاتوریەت واتا ئەگەری رودانی کارەسات و مەینەتی و ماڵ ویرانی بۆ هەمو کورد چونکە هەمو گەلی عیراق بە تایبەت ئێمەی کورد لە هەمو کەس زیاتر دەردی دیکتاوریەتمان چەشتوە (چل ساڵ شەری کورد-ئەنفال -کیمیاباران کردن-شەری عیراق ئێران-قەتلو عام کردنی شیعە-شەری کویت-شەری ئەمەریکا).

بویە ئەرکیکی تری هەمو سیاسەتمەداران و رۆشنبیرانی کورد بە پلەی یەک بە پاراستنی هاوسەنگی نێوان هێزە بنەرەتیەکانی ئەمروی کوردستان ئەزانم و پیویستە تەحەمولی ئەو بەر پرسیاریتیە مێژوییە بکەن بەرانبەر بە میلەتەکەیان بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەدا و ئەبێت بە هەمومانەوە کورد لە مەترسی لە ناو بردن بپارێزین چونکە دەسکەوتەکانمان بە خوێن هاتونەتە بەرهەم.

# هەڵبژاردن، ئایندەی گەلەکەمانی پێوە بەندە



شەکەر مەجید*

هەر لەو کاتەی کە گەلەکەمان بەسەر چوار وڵاتدا دابەشکراوە، لەژێر زەبرو زەنگی ئەواندا ژیان بەسەر دەبەین. لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی خەباتی نەپساوەمان گەواهی ئەو راستیانەیە کە هەمیشە ئێمەی کورد پێشەنگ بووین بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لەگەڵ رژێمە یەک لەدوای یەکانی عێراق بۆ دانوستاندن و گفتوگۆکردن، لە دوایشدا هەر ئەوان شەریان هەڵگیرساندووە.

دواجار رژێمی بەعس کەجڵەوی فەرمانڕەوایی عێراقی گرتە دەست چەندین جار هەوڵی دانوستاندنی دراوە لەگەڵیاندا و دیسانەوە هەر ئەوان ئەو پرۆسە جوانەیان بەرەو ئاقاری داخستن بردووە.

ئیتر حیزبەکانی کوردستان ماڵی خۆیان کردە شوێنی کۆکردنەوەی پارت و حیزبە سیاسیەکانی عێراق بە هەموو بیرو بۆچوونە جیاوازەکانەوە بۆ روخاندنی رژێمی بەعس.. ئەوانەی ئەمرۆ عێراق بەرێوە دەبەن هەر ئەوانەن کە کورد پشتوو پەنایان بووە و کوردستان لانکی حەوانەوەیان بووە بۆ خۆشگوزارانی عێراقی نوێ، دوای بەعس هەر ئێمەی کورد بنیاتنەری دیموکراسی و پێکەوەژیانی هەموو پێگەکانی عێراقیین، ئەمرۆش بەدڵێکی فراوانەوە هاتووینە پێشەوە بۆ بنیتانان عێراقی نوێ، چونکە بەدرێژایی مێژوو داگیرکەرانی یەک لە دوای یەک مافەکانی کوردیان پێشێلکردووە، بەهەزاران رۆڵەمان لەناوچوون لەپێناوی ئەوەی کە کوردین و داوای مافی خۆمان دەکەین.

ئەمرۆش کە ئەم هەلە هاتۆتە کایەوە بۆ ئێمەی کورد، دەبێت زۆر بەپەرۆشەوە بەرەو پیری بچین و دەنگ بەلیستی کوردستانی ژمارە( ٥٤) بدەین، چونکە ئەم لیستە پوختی خوێنی شەهیدان و ئەنفال و کیمایاران و گوندە روخاوەکانمانە، بۆیە ئێمەی کورد دەبێت هەست بەلێپرسراوێتی بکەین، هەموو تاکێکی کورد بە ژن و پیاو و گەنج و پیرەوە بەدڵسۆزی و بەپەرۆشەوە بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچین، چونکە شکستی ئەم لیستە شکستی کوردە. بۆیە داواکارم هەستێک لەدڵماندایە وەلای بنێین و ئەمرۆ ئەو رۆژەیە کەدەبێت کورد ئیسپاتی بکات بۆ هەموو دنیا کە ئێمە هەردەم میللەتێکی ئاشتیخوازین و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئایندەی چوارساڵی تری گەلەکەمانی پێوەبەندە..

*بەرپرسی بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی (١٦)ی حەمرین



# توێژەری کۆمەڵایەتی، وەک کائینکی بێدەنگکراو



خالید عەبدولکەریم

بەشی دوەم و کۆتایی

لە چەند دێری سەرەوە (**بەشی یەکەمی ئەم بابەتە**)، باسی هەبونی سەنتەری توێژنەوەمان کرد لەوڵاتی کوەیت، بۆیە نمونەی وڵاتانی پێشکەوتومان نەهێنایەوە، دەزانم بەرپرسان لێمدەکەن بە هەرا و دەڵێن ئێمە ناگەینە ئەواندا و زۆرمان ماوە و حکومەتەکەمان ساوایە و هەڕەشەی دەرەکیمان لەسەرە، یان بۆی هەیە بڵێن دەستی لەپشتە!!! لە کوەیت ساڵانە چەندەها توێژینەوە لەسەر کاریگەریە دەرونی و کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشی شێرپەنجە ئەنجام دەدرێ، کە دڵنیام بەرێژەیە زۆر کەم هەیە لەوێ، کەچی لەوڵاتی ئێمەدا و لەبندەستی وەزارەتی کۆمەڵایەتیەوە، کەس نازانێ چۆن تێبگا لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەرونی و پەیوەندی نێوان کەسی توش بو و خێزانەکەی( نەخۆشخانە و عەیادە تایبەتیەکان و ئامارەکان پێماندەڵێ توشبوانی نەخۆشی شێرپەنجە لە کوردستاندا بەردەوام لەبەرزبونەوەدایە)، یان لانیکەم چارسەری سەرەتای پێشکەش بکا، ئەوەی هەیە نەبونی باشترە، هەر لەو وڵاتەدا کە کردمانە نمونەی نوسینەکەمان، ئەگەر نەخۆشی شێرپەنجە هەبێت، توێژەرانی کۆمەڵایەتی بەو رێگایانەی لەبەردەمیاندا فەراهەم کراوە دەخالەتدەکەن لەگەڵ خێزانی توش بو، پێویستیە تایبەتیەکانی ئەو نەخۆشە، بەخێزانەکەی تێدەگەیەنن، لەبەر ئەوەی کەسی توش بو بەنەخۆشی شێرپەنجە خاوەن کۆمەڵێ تایبەتمەندی زۆرە خێزان ماندو دەکا پێویستە زانیاری و وردەکاری زیاتری لەبارەوە بزانن، بەتایبەت جۆری ئەو نەخۆشیە کە لەگەڵ تەمەندا درێژ دەبێت و کەسی توشبو بۆ ماوەیە زۆر بە کولەمەرگی لەسەر ژیان دەهێڵیتەوە، یان ئەو نەخۆشانەی بەرێنمای پزیشک دەبێ لە گۆشەگیری دا دابنرێن و زۆرجار ئەندامانی خێزان وەرسدەبن و نازانن چ رێگەیەک بدۆزنەوە یاریدەیانبدا، لە وڵاتی خۆمان دا بەداخەوە ئەم نەخۆشیە ساڵانە چەندەها کەس دەنێرێتە گۆڕستان، خێزان و ئەندامەکانی توشی نارەحەتی کۆمەڵایەتی و دەرونی و مادی دەکەن، جگە لەوەی سەنتەری تایبەت بەو نەخۆشیە نیە، توێژەری کۆمەڵایەتی چۆن بتوانێ بەو کارە هەستێ و رێنمایە تایبەتیەکان لەو بوارەوە بەو خێزانانە بگەیەنێ کە ئەندامێکیان توشبوە؟

یا ئەو سەنتەرانەی کە هەن و دانراون بۆ دیراسەت یان رێگە گرتن لە توندوتیژی دژ بەژنان و بەرەنگاریکردنی توندوتیژی لەبواری پەروەردیدا، باوەر ناکەم توێژەر رێگەی پێدرابێت رۆڵی خۆی هەبێت، زۆرجار بیستومانە پارەی موچەی پێدەژمێرن!! چونکە توێژەر هێڵی سوری نیە و دەبێ دیراسەتی هەمو لایەنەکانی دیاردە و کێشەکان بکا، ئەگەر ئەمەش بکا کەواتە دەردەکەوێ لایەنێ هەیە سەرچاوەی کێشەکانە!! ئایا ئەمە قەبوڵ دەکرێ؟

هەر بۆنمونە لەچەند ساڵی رابردودا، پێش ئەوەی حکومەت یەکبگرێتەوە، توێژەرێ سەربە بەبەرێوەبەرایەتیەکی ناو وەزارەتی پەروەردە توێژینەوەیەکی لەسەر لایەنە پۆزەتیڤ و نیگەتیڤەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ئەنجام دا بوو، کاتێ بڵاویکردەوە و پێیانزانی، کورد دەڵێت: تەنها با بە دەواری شڕی دەکا، ئاوای پێکرا، یا ماوەیە حکومەت ویستی سەنتەرێ توێژینەوە ی ئەنفال لەگەرمیان دابمەزرێنێ، پێش تەواوبونی بیناکەی وەعدیان بە کۆنە سەرۆک شارەوانییەک دا بیکەنە مودیری، دەیان توێژنەوە و کەسی یاسای پێویستە کارە نایاسایەکانی ساغبکاتەوە کە لە شارەوانی ئەنجامی دابو، چەندەها توێژەر و پسپۆڕی ئەو بوارەش هەیە پیاسەکردنیشی دەستناکەوێ.

خاڵێکیتری مراندن و کپاندنی رۆڵی توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونی لە دروستکردنی مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی و پارتیەوە دەستپێدەکا، گومان لەوەدا نیە ئەو مەکتەبانە ئەمەندە کێشە و نەخۆشی کۆمەڵایەتی دروستدەکەن نیو ئەوەندە چارەسەری ناکەن، جگە لەوەی رۆڵی دادگایان پاسڤ کردوە و دادوەریان وا لێکردوە نەتوانێ کاری یاسای خۆی بکا، ئەو کێشانەی لەو مەکتەبانەوە چارەسەردەکرێن چەند جار زیاد دەکەن، بێلەوەی ئگەر پێکداپژان و توندوتیژی دواتر رونەداتەوە، ناوێ نامێنێ بۆ تاوانباران کە سوڵحی عەشایەری بۆ دەکرێ، چەندە تاوانبار بیت بەیەک دانیشتنی مشکی بەسەرەکان دەبێتە پاکیزە، وایلێهاتوە کەس ناترسێ لە لێپیچینەوە چونکە دەزانێ مەکتەبی کۆمەڵایەتی بە چاخواردنێ بۆی چارەسەر دەکات، دوو ئۆتۆمیبیل لێکبدەن و یەکتر بشکێنن بۆی هەیە برا مرورەکانمان بڵێن بچن سوڵحی عەشایەری بکەن، کە ئەمە ڕویداوە، بەڵام کێشەیە توێژەر دەخالەتی تیا بکا و لە مەکتەبەکەی ئەوەوە چارەسەر بکرێ کە بەداخەوە نیە لەم وڵاتەدا، دیراسەتی حاڵەتی بۆ دەکرێ و دەریدەخا کەسی توش بو بۆ تاوان دەکا؟ هۆکارەکەی چییە؟ بابەتیە یان مەوزوعی؟ چارەسەرەکان چیین؟ چۆن رێگە دەگیرێ لەسەر هەڵنەدانەوەی؟ ئایا زەمانەت چییە کەسی تاوانبار لەدیوەخانێکدا یەکسەر بکرێ بە بێتاوان بەردەوام نابێتەوە؟ ئەمانە و دەیان حاڵەتی لەمشێوەیە بەشدارە لە کزکردن و مراندنی رۆڵی توێژەر.

ئەو سەندیکا و ریکخراوانەی بەحیساب دامەزراون بۆ ئیشکردن لە سەر ئامانج و مەهامی توێژەرانی دەورونی و کۆمەڵایەتی، بەهەمان شێوازی رێکخراوەکانیترە، لەمنداڵادانی حیزبدا لە دایکدەبن، بۆ نمونە کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەوروناسان هەیە، ئەوەی من ئاگار بم وەک کۆنە ئەندامێ ئەو کۆمەڵەیە، رەنگە دروستبونی زۆر پێویست بێت، بەڵام کاتێ سەر بە رێکخراوێکی حیزبی بێت و بەرپرسی ئەو رێکخراوە دیموکراتیەش ئەوەندە لەغەمی دروستکردنی تیپ و لەشکرەکانی شاخدا بێ، هەر نەزانێ توێژەر ئیشی چییە؟ دەبێ ئەو کۆمەڵەیە بەرهەمی چی بێ و چۆن بتوانێ لەکاتی پێویست و کارکردن بۆ چەسپاندنی ئامانجەکانی دا بەر گری لە ئەندامەکانی بکا، کە هەمو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە دەبێ بروانامەیەکی پسپۆڕی هەبێت، و ئەمەش ئەرکی قورسە و هەم خاوەن تەماحێکی مەعریفی گەورەشە، یا ئەو کۆمەڵەیە خۆی ئازاد نەبێت بەو واتایەی، بەرپرسی یەکەمی ئەگەر بۆی بکرێ وەک ئێستا خەریکە ئەوەی وەک خۆی بیرنەکاتەوە نانی دەبرێ، دەبێ توێژەر رۆڵی چی بێت لەو کۆمەڵەیەدا ؟ لەکاتێکدا لەهەمو وڵاتێکدا توێژەر دەبێ چاو کراوەتر و ئازادتر بێت لەکەسانی تر و بگەڕێ بەدوای زانیاریە نەزانراوەکان و توێژینەوەی لەسەر بکا، ئایا لە کۆمەڵەیەکی بێدەنگ و مولتەزیمی ئاوەهادا چاوەڕێی کام لێکۆڵینەوە و بەرهەم و کاری زانستی و بێلایەنانە دەکرێ؟

لەکاتێکدا ئەو کۆمەڵەیە دەبێت زۆر سەربەخۆ و بێلایەن بێت و خۆی نەپێچێتە هیچ بیناو دەرگایەکی دیموکراتیەوە کە ئازادی لێزەوت بکا بۆ ئەوەی بتوانێ توێژینەوەیە ئەنجام بدا سودی گشتی وخەسارەتی کەمینە و قۆرخکەرانی دەسەڵاتی تیابێ و توێژەریێ پێبگەیەنێ، بێدەنگ و گوێرایەڵ نەبێت.بەخوێندنەوەی کورتەی ئەو بارودۆخەی توێژەری تیایە و بێدەنگی کردوە، کاتی ئەوە هاتوە بپرسین، دەبێ کەی بێت توێژەر لەکائینێکی بێدەنگکراوەوە ببێتە تارماییەک و بەشداریبکا لەگەڵ ئەوانەی کە خواستی چاککردنی بونیادەکانی ئەم وڵاتەیان هەیە؟

